www.kurdistannet.org
7-8-2006 0:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تاکەی کۆمەڵگای کورد بناڵێت بەدەست باوکسالاریەوە؟!! ... تاڤگە سابیر



دەسەڵاتی سیاسی بێت، یا دەسەڵاتی نێودەوڵەتی، ڕادەی ئەو دەسەڵاتە پەیوەستە بەدەسەڵاتی سروشتیەوە، کە دەسەڵاتی باوکە لەنێو خێزاندا. دەسەڵاتی باوک لەناو خێزاندا، بریتیە لە دەسەڵاتی نێرینە واتە "پیاو" ئەوەش دەسەڵاتی سروشتیەو پشت بە باڵا دەستی نێرینە دەبەستێت بەسەر مێینەدا. ئەوەش باڵادەستیەکە کە لەڕەگوڕیشەی جیاوازی نێوانیان سەرچاوە دەگرێت، لە کاتێکدا ئافرەت ڕۆڵی بەرهەمهێنانی منداڵی لە ئەستۆدایە. وە دەسەڵاتی باوک سالاری پاڵپشت لە دەسەڵاتی حکومەتی پیاو سالاری دەکات. لەبەر ئەوەی دەسەڵات لەنێو خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ بریتیە لەدەسەڵاتی دایک و باوک بەسەر منداڵەکانیانەوە، پێکەوە نەک بەتەنیا، پیاو دەسەڵاتی هەبێت، ئەگەر چی بڕیاری کۆتایی هەر بەدەست باوکە!! لەکاتێکدا دایکیش بەشدارە! لەبەر ئەوە ناو نان لەدەسەڵاتی نێو خێزان بەدەسەڵاتی باوکسالاری هەڵەیە. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی نێو ماڵ هەمووی بەدەست باوکەوەیە وە دایکی لی بێبەش کراوە، ئەگەر تێڕوانینێکی واقیعیانەو دروستمان هەبێت دەبێت یەکسانیەک هەبێت لەنێو دایک و باوکدا لەو دەسەڵات و پەروەردەکردنەی هەیە لەنێو خێزاندا. زۆر جار منداڵ هەست بە باڵادەستی باوک دەکات و پیاوسالاری دەبینێت، بەسەر دایکیدا، دەبێتە هۆی ئازاری دەروونی بۆی، کەسایەتی شێواوی لی دروست دەبێت. ئەمەشدەبێتە هۆی دروست بوونی گرێی دەروونی کارکەرێکی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر منداڵ. وە گەشەو مێشکی منداڵ ئاسایی نابێت، کار لە هەست و سۆزی دەکات لە پەیوەندی و کۆمەکی مرۆیی و پەیوەندیەکان. دەسەڵاتی باوک بەسەر منداڵەکانیدا دەسەڵاتێکی ڕەها نییە! وە ئەو کاتەی کە لەڕەهایی دەسەڵاتی باوک و دایک قسە دەکرێت کە قسە لەسەر باوکسالاریە! بەواتایەکی تر پیاو سالاری!!. ئەمەش وادەکات بیرکردنەوەی زۆری بوێت وە بزانرێت چی شەرعیەت بەوەدەدات کە باوکسالاری باڵادەست بێت. وە وا هەست دەکەن کەتەندروستی و بەرجەستەکردنی پەروەردە لە باوکسالاریەوەیە. وە لەم نێوەندەدا دایک هێزو دەسەڵاتی خۆی لەنێو خێزاندا هەیە. منداڵبوون مانای دەسەڵات بەخشین نییە بە باوک، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی باوکسالاری تەنیا لە باوکایەتییدا نییە، بەڵکو لە قبوڵ کردنی بەرپرسیاریەتیدایە!!دەسەڵاتی باوک دەسەڵاتی ئەخلاقیە (مۆراڵیە) ، لەبنەڕەدا لەوەوە دێت کە قبوڵی بەرپرسیارێتی منداڵەکانی بکات. شەرعیەت مافی نێرو باڵادەستی ڕەهای نێر لە موڵکداریەتی خۆیدایە لە ئایندەدا. وەکو ئەوەی بە ئاشکرا لەژێر ناوی دەسەڵاتی باوکسالاری جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە تەنیا" نێر" واتە پیاو مافی هەڵسوکەوت کردنی هەیە، لە موڵداری خێزاندا. ئەوەش بەڕادەیەک باوک دەتوانێت ئیلتیزاماتەکانی خۆی لەبەرانبەر نەوەکانیدا بەجێ بگەیەنێت و پاڵپشتیان لێبکات. ژن و مێرد لەمەسەلەی تێگەیشتن و دەرک پێکردنیش جیاوازن. دەرک پێکردن و تێگەیشتنی پیاو ووردترو سەرتاپاگیرترە لە ژن، بۆیە سروشتیە تێڕوانینیان جیاواز بێ لە مەسەلەکان و ئەنجامەکان، ئەوەش دوو ویستی جیاواز، دوو ڕای جیاواز دەبێت. ئەگەر بپرسین چ ویستێک لەوانە باڵا دەست دەبێت؟ چ بۆچوونێک بەهەند وەربگیرێت؟ دووا بڕیار بەدەست کێیە؟ وەڵامەکە ڕوون و ئاشکرایە، گومانی تێدا نییە بەدەستی پیاوە!!.

سوید 2006